# کەرکوک لەبەردەم هەڕەشەی مادەی 140

نوسەر: لەتیف فاتح فەرەج

بابەت :لێکۆڵینەوە

تایپ: ئومێد مەحمود

ساڵی چاپ 2007
تیراژ: 4000 دانە

**ئەم نامیلکەیە پێشکەشە بە هەریەك لە**
***سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**و**
***سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان**
**وەکو بیرخستنەوەیەك**
***ناوەندی چاك**
***لیستی برایەتی نێو ئە نجومەنی پارێزگای کەرکوك**

**لەتیف فاتح فەرەج**

# کەرکوك لەبەردەم هەڕەشەی مادەی 140

## ئەم ناونیشانە بۆ:

پێموایە گرەوکردن لەسەر شتێك کەلەبنەڕەتدا هی خۆتە، جۆرێکە لە قومارێکی ترسناك، قومار زانین و شارەزایی کەمتر ڕۆڵی تێدا دەبینن، تا ڕێکەوت، پرسی کەرکوك، پرسێکی هەستیارە لەنێوان نەك هەر کوردو عەرەبدا لە عێراق، بگرە لەنێوان عێراق و ئەوانی دەوروبەریشدا بەتایبەت تورکیا و ئێران، زۆر تایبەت تر تورکیا، ناسیۆنالیزمی تورکی جا ئەو ناسیۆنالیزمە عەمامە بەسەر بێت یان ئەفەندی، تا ئەمڕۆ تۆڵەکردنەوەی هەموو پارچە پارچە بونەکەی دەوڵەتی عوسمانی لە کەرکوك و موسڵدا کۆکردوەتەوە ئەمەش زۆر کۆنەو شتێکی تازە نیە، هەر کەمال ئەتاتورك کەبەشێکی زۆری سەرکەتنەکانی دەگەڕێتەوە بۆ پشتگیری و پاڵپشتی کوردان، کەچی ئەو لەساڵی 1936 (داوا لە پەرلەمانی تورکی دەکات کە ڕێگا بە حکومەت بدرێ هەموو بزوتنەوەیەکی کورد سەرکوت بکرێ تا ڕادەی نەهێشتن و لەناوبردن).[1] مەبەست لەهێنانەوەی ئەم نموونەیە هەر بۆ ئەوە بوو بڵێین هیچ جیاوازییەك لەنێوان سیاسەتی ڕەجەب تەیب ئۆردوگان و کەمال ئەتاتورك و ئۆزالدا نیە، سەبارەت بونی کوردو چارەنوسی، ئەوەی کە بەردەوام گۆڕاوە بارودۆخە ناوچەیی و جیهانییەکە بووە، دەنا بیرکردنەوەو ئایدیۆلۆژیا فەرمیەکە هەمان بیرکردنەوەو ئایدۆلۆژیان، ئێستاش لەگەڵ نزیکبوونەوە لە جێبەجێکردنی بەندی 140ی دەستوری عێراقی کە تایبەتە بە چارەسەری (ناوچە کێشە لەسەرەکانی عێراق) جارێکی دیکە ناسیۆنالیزمی تورك دێتەوە گۆڕێ، تەنانەت عەبدوڵلا ئۆجەلان و زۆرێك لە ڕۆشنبیرانی تورکیش ئەو پەرەسەندنەی ناسیۆنالیزمی تورك بەهەڕەشەیەکی ترسناك بۆ سەرئایندەی تورکیاش لێکدەدەنەوە، تورکیا ئەگەر دەیەوێ لەناوچەکەدا خۆی وانیشان بدات کە هەر ئەو باوکی دیموکراسیەتە، بەڵام لەبەرانبەر مەسەلەی کورددا ئەو شتێکی دیکەیە، بۆیەش ئێمە گوتمان تایبەت تر تورکیا، ئەمە لەساڵی(1959)شدا هەروابوو تورکیا و ئێران کێشەکەیان زۆر لە قەبارەی خۆی گەورەتر کردەوە، من پێشتر لەکتێبی کوردو کەرکوکدا قسەم لەسەر ڕۆڵی تورکیا و ئێران کردوە، بۆیە لێرەدا ناگەڕێمەوە سەریان، هەستیاری پرسی کەرکوك هەمیشە وا دەکات، کە کوردی باشوری کوردستان بەتایبەتی کورد زۆر بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو دۆخە تایبەتەدا بکات، دانانی ئەم پرسە چارەنوسسازە لەسەرمێزی گفتوگۆو قوماری قوماربازە دێرینەکانی ناوچەکە، گرەوێکی باش نەبوو، بۆیە

هەڵبـژاردنی ئـەو ناونیـشانە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو گەمەیـە، بەنـدی 140ی دەسـتور کـە تائێستا ئێمـە(مەبەسـتم تـەنیا کوردەکەیـە) زۆر بەپێداگریـەوە شـەڕی لەسـەر دەکـەین، شەڕ لەسەر جێبەجێکردنی، ئەمە بەجۆرێك کەوتوەتەوە کە چارەسەرکردنی ئەو پرسەو جێبەجێکردنی ئەو بەندە هەر لەبەرژەوەندی کوردایە!! من پێشتر لـە شـوێنێکا گوتومە لەعێراقدا عەرەبی شیعەو عەرەبی سوننە، سێ خاڵ گرێیان دەدات بەیەکەوە، زمانو عـەرەبی بـونو عێراقـی بـون، لەبەرانبـەردا ئێمـەو عـەرەب تـەنیا عێراقـی بـون بەیەکـەوە دەمانبەستێ، کە ئـەوەش جگـە لەگرێکوێرەیـەك هیـچی دیکـە نیـە، کەواتـە ئەگـەر ئێمـە پێمان وابێت دیسانەوە لەو قومارەدا شیعەمان لەگەڵـە، ئـەوە بەبـڕوای مـن زۆر هەڵـەین، شیعەکان کـە خۆیـشیان لـە سنووری نەجەفدا کێشەی یەکلاکردنـەوەی زەویو زاریـان هەیە، تائێستا لەسەر بەندی(140) هیچێکی وایان نەگوتوە، لێرەدایە کە کوردو بەندی (140)ی دەسـتور زۆر تـەنیان لـە بیابـانی سیاسـەتی ناوچـەکەدا، ئـەم نوسـینەی مـن هەڵوەسـتەکردنە لەسـەر برینـەکانی جەسـتەی ئـەم ناوچـەیە، کەلـە بنەڕەتـدا پێویـستی بەبەنـدی 140 نـەبوو هێنـدەی پێویـستی بـە سـاڕێژکردن بـوو، بەداخـەوە ئێـستا لـە پرۆسەی جێبەجێکردنی بەندی 140ی دەستوردا دیسان قوربانی پشتگوێ دەخرێ جەلاد پشی پشی بۆ دەکرێت، ئەمە ئەو کارەساتەیە کە میدیای کوردی نایەوێ قسەی لەسـەر بکـاتو نوسـەر هەیـە دەیـەوێ بـەزۆری زۆرداری جـەلادیش بکاتـە پێـستی قوربانیـەوە، وەك ئـەوەی کـە دەڵـێن عـەرەبی تـەعریب کـاتی خـۆی کـە هێنـراون بـۆ ناوچەکە، غەدریان لێکراوەو تەرحیل کراون!! لێرەدا هەموو ئەوەمان لـە بیر دەچێتەوە کـە ئـەو عەرەبانـە بەعـسیو ئەڵقەلـەگوێی بـەعسو داگیرکـاربون، هیچیـشیان بەبـەلاش نـەهاتوون، واتـە بـەکرێگیراونو بـەپارە هـاتون هـەر عـەرەب لـە کەرکوکـدا بەعەرەبـە دە هەزاریەکانی کەرکوکیان دەگوت:" عشرة آلاف"، لەکەرکوکدا ستەمێك کراوە کە دەبێت بسڕدرێتەوە، ئەمە پەیوەندی بەو هەموو تەجاوزو سەرپێچییەوە نیە کە سەرمایەداری مـشەخۆرو دزی دروسـتکرد، ئەوانـەی ویـستیان لـەرێگای تـەجاوزو سەرپێـچییەوە قـەرەبوی قوربـانی بکەنـەوە، هـەر ئەوانە درێـژەیان بـە سیاسـەتی بەعـسدا لـە تێکـدانی پەیوەنـدی نێـوان نەتـەوەکانی ئـەم شـارەدا، بـەعس مەبەسـتی بـوو کـوردو تورکمـانو عەرەب بکات بە دوژمنی یەك، ئاخر تەجاوزو سەرپێچی قەرەبوی قوربانی دەکاتـەوە، یان ڕێکخستنەوەی ئیدارەی کەرکوك بەجۆرێکی باشتر، گێڕانەوەی ئـەو هـەموو ناوچـە دابـڕاوو ئاوەدانکردنـەوەی گونـدەکان، زیندوکردنـەوەی ناحیـە هەڵوەشـاوەکان، لـە

**بەندی(140)دا پاش‌و پێشێك لە كۆی ئەم مەسەلانەدا هەیە، كە من گرفتێكی گەورەم لەگەڵیاندا هەیە، لە كەركوكدا لەبری ساڕێژكردنەوەی برین كوڕەكانی حیزب، كوڕە نازدارەكانی یەكێتی‌و پارتی هەرچی نەشیا بەشارەكە كردیان، ئەمەش گرفتەكەی قوڵتر كردەوە، لە بەندەكەدا قسە لەسەر ئاسایكردنەوە كراوە، بیٚ ئەوەی قسە لەسەر ئاشت كردنەوە بكریٚ، ئاشتكردنەوە بەو مانایەی ئەوەی بەعس دروستی كرد هەڵبوەشێنرێتەوە، نەك درێژەی پێبدرێت، ئیدارەی شار كەمتەرخەمیەكی گەورەیان كرد كە چاوپۆشیان لەو كارەساتە كرد، لێرەوە بەندی 140ی دەستور لە بری ببێتە بەندێك بۆ چارەسەركردنی كێشەكە، بوو بە هەڕەشە، هەم لەو ڕووەوە كە ریٚو شوێنەكانی باش نەگیراونەتە بەر، هەم لەو رووەوە كە زەمینەمان ڕەخساند پرسی كەركوك زۆركەس خۆی تێهەڵقورتێنیٚ‌و زۆر كەس خۆی بكات بە خاوەنی، وەك ئەوەی ئێستا، ئێمە لە ساڵی 2003 دەكرا زۆر شت بكەین نەمانكرد، ئەوەش نیە كە ئەمریكیەكان نەیانهێشتبێت وەك ئەوەی هەندێك لەبەرپرسان وا دەڵێن! ئێستاش دەكریٚ زۆر شت بكەین، بۆ نایكەین، نازانم!! كاركردن بۆ ئاوەدانكردنەوەی سەدان گوند، زندوكردنەوەی ناحیەكانی قادر كەرەم، شوان، قەرەهەنجیرو زۆر شوێنی دیكە، زۆر كەمتر لەوەی دەویست كە بەرپرسی كورد دەیەویٚ وەكو نمروودو فیرعەون، دەستی بەهەموو گردو شاخ‌و تەپۆڵكەو شوێنێكی ئەم وڵاتە ڕابگات، تا تاپۆی بكات لەسەرخۆی.**

**ئەمە بەكورتی قسەكردن بوو لەسەر چۆنیەتی ناونیشانەكە كە هەوڵدەدەم لە ناوەڕۆكی نوسینەكەشدا زیاتر لەسەری بوەستم، یاخود لانی كەم، وەڵام بەوە بدەمەوە كە ئاخۆ بەندی 140 هەڕەشەیە لە كەركوك یان نا ؟!**

**كەركوك‌و ئاوڕێكی مێژوویی**

**پێشتر لە كتێبی( كوردو كەركوك)دا لەسەر مێژووی كۆن‌و نوێی كەركوك هەڵوەستەم كردووە، هەڵبەت من ئەوەیشم نوسیبوو كە من مێژوونوس نیم، بەڵام بەشایەدی زۆرێك كتێبەكە، كتێبێكی باش بوو، هەم لەسەری نوسرا، هەم بەشێكی زۆری لەلایەن كاك (هیوا عەزیز)ەوە كرایە عەرەبی‌و لە (الاتحاد)بڵاوكرایەوە، هەروەها كاك (محەمەد سادقی) لەكوردییەوە نزیكەی تەواوی ناوەڕۆكەكەی كردە فارسی‌و لە ژمارە سیٚی گۆڤاری (راڤە) لەدوتویێ فایلێكی تایبەتدا بەنێوی كورد لەعێراق بڵاوكرایەوە، كتێبەكەی دكتۆ كەمال مەزهەر ئەحمەد**(كركوك و توابعها ـ حكم تاريخ و الضمير)

تەواوی بۆشایی ئەو کەمو کوڕیانەی پڕکردەوە کە پێشتر دەشێ زۆرێکمان کردبێتمان، بۆ ئاوڕدانەوە لە مێژووی کەرکوك نوسراوەکانی دکتۆ کەمال مەزهەر، دکتۆر نوری تاڵەبانی، وریا جاف، دکتۆ جەبار قادر، دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد، لەیلا نامق جاف و کتێبەکەی محەمەد سەعید سۆفی و زۆری دیکە هەن، ئەمە بەعەرەبیش هەوڵدراوە لەوانە کتێبەکەی عەبدولمجید فەهمی حەسەن، عەزیز سەمانچی. هەڵبەت لە زۆر کون و کەلەبەری دیکەشدا لەو بارەیەوە، کتێب و نوسین هەن، شەن و کەوکردن و چاکردنەوە و پوختکردنی هەموو ئەوانە هەوڵ و تەقەلای دەوێت، مەسەلەی کەرکوك مەسەلەیەکی هەستیارە و دەبێ تەنانەت لە قسەکردن لەسەر مێژوەکەشی ئارام و لەسەرخۆبین، هەندێك نوسین و ئاوڕدانەوە هەن، خزمەت بە دۆزی کەرکوك ناکەن، پێموایە بەشێکی زۆر لە دوژمنەکانی پێکەوەژیانی ئاشتیانەش ئەوەیان مەبەستە، کەرکوك ئەگەر لەبنچینە و ریشەشدا نەتەوەیەك یان گروپێك، بیانەوێ بەتەنێ لەسەر خۆیانی تاپۆ بکەن، بەڵام لە روی مێژووییەوە کورد و تورکمان و مەسیحی و جوو لەو شارەدامێژووییەکی دووروودرێژیان هەیە و درەنگتر عەرەبیش لەو مێژوەدا دەبنە بەشدارو شەریك، کەواتە شەریکایەتی و پێکەوەبونێکی مێژویی هەیە لەو شارەداو کەسیش ناتوانێ ئەوی دیکە بسڕێتەوە، لەهەموو سەرچاوەکاندا بگەڕێی سەرچاوەیەك نیە، بڵێ ئەم شارە، شارێکی عەرەبی تەواو یان تورکمانی تەواو، یاخود کوردی تەواوە، مەگەر ئەو نوسینانەی داخ لەدڵانە نوسرابن، من ناڵێم منیش توشی ئەو هەڵەیە نەبومە، بەڵام هەندێ جار ئەو حاڵەتە پەرچەکرداو کاردانەوەیە، کەرکوك وەك جوگرافیا سەربە هەرێمی کوردستانە، ئەمە زۆر کەم کەس توانیویەتی بیشارێتەوە، تەنانەت دەسەڵاتی(400) ساڵەی عوسمانیش هەر بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵ کردوە، شەمسەدین سامی نوسەرو فەرهەنگکاری گەورەی عوسمانی لە باری کەرکوکەوە دەڵێ:" سێ چارەکی کوردن و ئەوانی دیکە تورکمان و خەڵکی ترن"[(2)]. هەر لەوێدا ژمارەی دانیشتوانی کەرکوك بە(30) هەزار کەس لەقەڵەم دەدات، هەر لە قاموسی ئەعلامەکەیدا، لەبارەی کەرکوکەوە دەڵێ بەشێکە لە کوردستامدن، ئەمە زۆر کەس بێئەوەی هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ کوردی بێ ئاڵا و بێ تەخت و بەختی ئەو سەردەمەدا هەبێت هەر وایان گوتوە، ئەوان هیچ پاڵنەرێکی ناسیۆنالیستانەی توند لە پشتیانەوە نەبووە، کە نکوڵی لە حەقیقەت بکەن، زمانی زانستیش حەقیقەت دەخوازێ، ئەوان زانیویانە کەرکوك یان هەر شارێکی دیکە لەو دنیایەدا لەسەر بنەمای

چوار دەور دەبێت بەسەنتەر راستە لە کەرکوکدا ناو شارەکە دەسەلاتی عوسمانی زۆربەی دامو دەزگاو پێگە ئیداریو ئابوریەکانی دابوە دەست تورکمانەوە، بەلام لەسەر بنچینەی چوار دەوری کەرکوك ئەم شارە بەچەندین خێڵێ گەورەی کورد دەورە دراوە، عەبدولمەجید فەهمی حەسەن، دەڵێ:" زۆربەی ئەو هۆزانەی لە کەرکوك دائەنیشن کوردن"(3) . ئایاتولا محەمەد مەردۆخیش هە وا دەڵێ، عەبدولمەجید فەهمی حەسەن ناوی هۆزەکان بەم جۆرە دەبات و دواتریش لەسەر چەند هۆزێکی گرنگیان هەڵوەستە دەکات(هەمەوەند، جاف، داودە، بەیات، تالەبانی، ئەلعبێد، بەرزنجە، کاکەیی، ئەلجبور، شوان الکرویی، جەباری، زەنگنە، شێخان) لەم ناوهێنانەدا هۆزی گرنگ لەبیر کراون وەك سالەیی، شێخ بزێنیو گێژو هتد. هەموو ئەم هۆزانە بەتایبەت هۆزو خێڵە کوردەکان تەواوی دەوروبەری کەرکوك پێکدەهێنن، هەر بۆیە بەعس لەپرۆسەی ئەنفالو پێشتریش لەپەلامارو تالانەکانی 1963دا زۆری مەبەست بوو ئەو ناوچانە لەبەریەك هەڵتەکێنیو عەرەبی تەعریبی تیانیشتە جێبکات، کەواتە لە بنەرەتدا پرۆسەی تەعریب لەم ناوچەیە بۆ بەگژداچونەوەی مێژوو بووە، هەر شەمسەدین سامی لە قاموسی ئەعلامدا لە بارەی کەرکوکەوە دەڵێ:" کەرکوك دەکەوێتە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵی سەربە کوردستانەوە، 160 کیلۆمەتر لە باشوری رۆژهەلاتی موسڵو سەنتەری سنجاقی شارەزوورە"(4).

ئەمە ئەگەر بزانین ویلایەتی موسڵ لە کەرکوكو موسڵو سلێمانی پێکهاتووە، هەر چۆنێکە لەم شارەدا بەردەوام کوردو ئەوانی دیکە پێکەوە ژیاون، تەنانەت ئەگەر دەسەلات بەدەست هەر لایەکیشەوە بوبێت نەیتوانیوە، ئەوانی دیکە فەرامۆش بکات، ئەم ئاورە مێژووییە زیاتر بەمەبەستی ئاماژەدان بە یەك راستیەو هیچی دیکە، ئەویش دەوروبەرە کوردیەکەی ئەو شارەیە، راستە هەندێ بارو دۆخی تایبەت وایکردووە، زەحمەت ئەمارەتی سەربەخۆی کوردان لەم ناوچەیە دروست بێت، بەلام تەواوی ئەو خیلو هۆزانە ریشەی زۆر قوڵیان هەیە، عوسمانیەکانیش لەهەندێ بارو دۆخدا خێڵی ئەم ناوچانەیان بەمەبەستی دەستەمۆکردنو سەرکوتکردن لێرە دورخستوەتەوە، وەك دروخستنەوەی بەشێکی زۆر لە شێخ بزێنییەکان(شێخ بوزێنی) کە عوسمانیەکان دوریانیان خستونەتەوە بۆ قۆنیەو باشوری ئەنکەرە، دکتۆر جەمال رەشید ئەحمەد لەو بارەیەوە دەڵێ:" ئەوانە تائێستا هەربە زمانی شێخ بوزێنی ناوچەی کەرکوك داخێون"(4). ساڵی 2006 کەناڵی ئاسمانی کوردسات هونەرمەندێکی ناسراوی ئەو

هـۆزه يـان راسـتر ئـەو بەشـەى هـۆزى شـێخبوزێنى كـه دور خراونەتـەوه بـۆ قۆنيـەو ئەنكەرەى داوەت كرد، ئەو هونەرمەندە ناوى (شێخۆ) بوو، دواتر شێخۆ، لەلايەن مەلا شاخى نوسەرەوە داوەتكرا بۆ ناوچەى شێخ بزێنى كەركوك و ئەوان پێكەوە سەردانى ئەم ناوچانەيان كرد، مەلا شاخى لەبارەى ئەو هاتنەوە پێى گوتم:" شێخۆ لەگەڵ چەند كەسى ديكەى شێخ بوزێنى توركيا تەواوى گوندەكانى ئێره گەڕان و لەهەر گوندێك كەلەگەڵ ئەو خەڵكە كۆدەبونەوە بەكوڵ دەگريان" بەپێى قسەى شێخۆ ئەوان لە توركيا قەزايەك و چوار ناحيەو (72) گوند پێكدەهێنن كە قەزاكە نێوى (هايمەنە)يەو تائێستا داب و نەريتى خۆيان پاراستوه. مەلا شاخى لەبارەى ئەوانەوە پێى گوتم:" بەپێى قسەى ئەوان، ژمارەى ئەو كوردە دورخراوانەى ئەو ناوچەيە كە كەركوكين لە ژمارەى ئێستاى توركمانى ئەم پارێزگايە زۆرترن، (هەڤاڵ خەجۆ)ش هەر سەربەو هۆزەيە، ئەم دورخستنەوەيە لەگەڵ هەمەوەنديش كراوە، ئێستا بەڵگە لەبەردەست نيە كە لەگەڵ كێى ديكەش كرابێت، مێژو پێمان دەڵێ دورخستنەوەو ئاوارەكردنى زۆرى ديش لەم ناوچانە لەسەر دەستى دەسەلاتە يەك لەدوايەكەكان درێژەى هەبووە، ئەوەى كە گرنگە بيزانين ئەوەيە كە دەسەلات لەمێژودا رۆڵێكى خەراپى لەتێكدانى پەيوەندى نێوان نەتەوەو پێكهاتەكانى ئەم ناوچەيەدا گێڕاوە، هەر كێ كەى هاتوەتە ناوچەكە دەشێ وەك ئەوەى بخرێتە نێو لاپەڕەكانى مێژووەوە بايەخى هەبێت، بەلام ئەوەى كە ئەمڕۆ لەواقيعدا هەيە، راستيەكە دەبێ لەگەڵيدا هەڵبكەين، دروستبونى سەنتەرى سلێمانى يان سەنتەرى سنە بۆ دەوروبەرەكەيان دەشێ بۆ شارێكى وەك كەركوك جياوازيەكى هەبێت، بەو پێيەى كە دەزانين عوسمانيەكان بايەخى جياوازتريان بە كەركوك داوە تەنانەت هەولێر كە كۆنترين شوێنى ناوچەكەيە، يان يەكێكە لە شوێنە هەرە كۆنەكانى ناوچەكە، دەرەنگترو پاش ئەوەى كە(3) قەزا لە كەركوك دادەبڕن لەساڵى (1918) دەكرێتە پارێزگا، لەدەوروبەرى كەركوكدا سەدان گوند هەيە كە بەتەواوى سەربەو ناوچە كوردنشينانەن كە ئێمە لەپاشكۆى ئەم نوسينەدا بەشێكى زۆريان ناودەبەين، بەر لەم مێژوەش، پێش سەرژمێرى(1957) لە سييەكان و چلەكانى سەدەى رابردوودا، ليواى كەركوك سەدان گوندى لەسەر بووە كە بەم جۆرەى خوارەوە دابەشكراون.

58 گوند لەسەر كەركوك خۆى.

89 گوند سەر بە ناحيێ شوان.

33 گوند سەربە ناحێی ئاڵتون کۆپری(پردێ)

37 گوند سەربە ناحێی مەلحە(حەویجەی ئێستا مەرکەزی ناحێکە گوندی تەل عەلی) بووە.

29 گوند سەربە ناحێی داقوق

52 گوند سەربە ناحێی قەرەحەسەن

119 گوند قەزای کفری

68 گوند ناحێی خورماتوو(دوز خورماتوو).

61 گوند ناحێی قەرە تەپە.

13 گوند ناحێی شێروانە

زیاتر لە 70 گوند قەزای چەمچەماڵو ناحێی ئاخجەلەر.

67 گوند قەزای گڵو ناحێی قادر کەرەم

زیاتر لە 30 گوند ناحێی سەنگاو.

کۆی گشتی 756 گوند، ئێستا ئەگەر بەپێی خێڵو هۆزەکان تەماشا بکەین، لەو 58ی گوندەی سەربە کەرکوک خۆی بەتەواوەتی، یان زۆربەی زۆریان کوردن، شوان بەگشتی، پردێ بەگشتی. داقوق، زۆربەی زۆریان. قەرەحەسەن بەگشتی. کفری بەگشتی، خورماتوو زۆربەی. قەرە تەپە، زۆربەی، شێروانە بەگشتی، چەمچەماڵو ئاخجەلەر ەگشتی، قەزای گڵو قادر کەرەم بەگشتی، سەنگاو بەگشتی. کەواتە: لەو 756 گوندە زیاتر لە (750) گوندی بە تەواوەتی گوندی کوردنشینن، بەتەنها ناحێی مەلمە(حەویجەی ئێستا) نەبێت کە ئەو دەم(37) گوندی لەسەر بوەو زۆربەی هەرە زۆریان عەرەب بون، هەڵبەت لە پرۆسەی ئەنفالدا تەواوی گوندە کوردنشینەکان تەختکران، چەند گوندێکی کەم نەبێت، لەبەرانبەردا گوندە عەرەبنشینەکان دوو هێندە زیاتر زیادیان کرد، شێواندنی مێژو لە سنوری پارێزگای کەرکوک ئەوەندەی بۆ خەرج کراوە کە دەکرا کەرکوک بکرێتە جوانترینو سەرنج راکێشترین شاری ناوچەکە، نەک ئەوەی کەئێستا لەوێرانەیەك بەو لاوە هیچی تر نیە، ئێستاش ئاوەدانکردنەوەی تەواو، جوانکردنی شارەکە، رێکخستنی سەدان ملیۆن دۆلاری دەوێت...

**بەعس چی بەکەرکوك کرد؟!**

بەر لەهاتنی بەعسیش، واتە بەر لەوەی بەعسیش لە عێراق دەسەلات بگرێتە دەت، کەرکوك کەمیی پێنەکرابو، چ لەسەردەمی عوسمانیەکان، چ پێشتر و دواتر، تەنانەت

روداوی(1959) دەکەوێتە پێش هاتنی بەعسیەکانەوە، ئەگەرچی بەعس لە کودەتای 8ی شوباتی 1963 کە هاتنە سەر کورسی دەسەلات، تۆلەیان، واتە تۆلەی روداوی 1959 یان لەتێکۆشەرانی کورد کردەوە، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، کارەسات لەکەرکوکدا لەگەڵ هاتنی بەعسدا دەستپێدەکات، لەچەند مانگی 1963دا بەعسیەکان زۆر دڕندانە پەلاماری گوندەکانی شوانو سالەیی و شێخ بوزێنیاندا، من پێشتر زۆرێك چیرۆکی ئەو پەلامارانەم بیستووەوبەنیازیشم ئەو روداوەو چیرۆکەکانی دەکۆمێنت بکەم، بەعس لە کەرکوکدا چەندین مەبەستی بەر دیدە خستبوو، لەوانە:

1.گۆڕینی تەواوی سیما و شێوەو روکاری شارەکە لە رێگای دەرکردنو ئاوارەکردنی کوردو هێنانی عەرەبی تەعریبەوە.

2.هەلوەشاندنەوەی پەیوەندی دۆستانەو پتەوی نێوان کوردو عەرەبی ناوچەکە، تەنانەت کوردی کەرکوكو ناوچەکانی دەوروبەری لەگەڵ عەرەبی حەویجەدا بەو پەیوەندیە قولەی عەرەبی حەویجەشەوە کە بە مەلیکی کوردستانەوە هەیانبوو، ئەو هەلوەشانەوەیە لە سالی (1963) بەدواوە چووە قۆناغێکی ترسناکەوە، ئێستاش کە عەرەبەکانی حەویجە پێچەوانەی رەفتاری باو باپیریان دەجولێنەوە سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەنگاوە سەرەتاییەکانی 1963.

3.هەلوەشانەوەی پارێزگاکەو شێواندنی روکارە نەتەوەیی و کۆمەلایەتیەکەی بە دابڕانی نزیکەی نیوەی شارو گوندو ناوچەکان لێی.

4.گۆڕینی داب و نەریتو پەیوەندی کۆمەلایەتی ناوچەکە.

5. تێکدانی دیرۆكو مێژینەی شارەکەو هاوجۆرکردنی لەگەڵ هەمان چوارچێوەو شێوەی شارەکانی باشوری عێراق.

6.گۆڕینی ناوی شارەکەو گەڕەکەکانو ناوی شارو شاروچکەکانی دەوروبەر، وەك تەئمیمو قودسو ئومولمەعارك و تا دوایی .......

بەعس هەر لەسەرەتاوە دەستی دایە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی، تەنانەت لەیەکەمین سالی گرتنە دەستی دەسەلات لەسالی 1968 ئەم کارەی بەبێ ئاشکراکردن وەك پرۆژەیەکی ستراتیژیی دەستپێکرد، ئەمە لە زۆرێك لە بیرو بۆچونو نامیلکەو نوسیەکانیاندا رەنگی داوەتەوە، پێشتر بۆ خۆم لەسەر یەکێ لەو نامیلکانە کە نێوی (ضوء علی شمال العراق)ەو لە نوسینی (نعمان ماهر الکنعانی) یە بابەتم نوسیوەو قسەم لەسەر کردوە، پرۆسەکە بەتەواوەتی دوو سال دواتر دەستپێدەکات کاتێك کە

**بەردی بناغەی گەڕەکی تەعریب لەلایەن خودی سەدام حوسێنەوە دادەنرێ بەم جۆرەی خوارەوە:**

1. حی الكرامة 1970
2. حی الموثنی 1971 – 1972
3. **الفین دار** 1979
4. عمل الشعبي 1985 **ئەم گەڕەكە پێشتر لە 1972 ەوە دەستپێكرا**
5. حي الضباط 1985 **ئەمەش لە حەفتاكانەوە كاری تیا كرابوو**
6. حي البعث 1985 **ئەمەش لە حەفتاكانەوە كاری تیا كرابوو**
7. حي الواسطي 1985 **لەگەڵ دور السكك بەهەمان شێوە**
8. حي غرناطة 1985 **تەواو بوو**
9. **عروبە** 1985 **تەواو بوو لەحەفتاكانەوە**
10. **وحدە** 1985 **تەواو بوو لەحەفتاكانەوە**
11. **حی الحجاج** 1985 **تەواو بوو لەحەفتاكانەوە**
12. **حریە** 1985 **تەواو بوو لەحەفتاكانەوە**
13. **دور الامن** 1985 **تەواو بوو لەحەفتاكانەوە**
14. **قادسیە** (1) (1981 – 1982 )
15. **قادسیە**(2) 1986
16. **قوتیبە** 1985

**هەروەها شارەكە بەتەواوەتی لەبەریەك هەڵوەشایەوە، كە ئێمە دواتر ئاماژە بە گۆڕانەكان دەدەین.**

**بەعس لە كەركوكدا توانی بەرادەیەكی زۆر گیانی دووبەرەكی، رق لەیەكتربون بوغزاندنی یەكتر پەرەپێبدات، پەیوەندی كۆمەڵایەتی شارەكەی بەشێوەیەكی ترسناك هەڵوەشاندەوە، لەناوجەرگەی گەڕەكە كوردیو توركمانیە كۆنەكاندا كانتۆنی عەرەبی دروستكرد وەك ئازادی، تسعین، ناو كاكەییەكان، ئەم كانتۆنە عەرەبیانە بەشێكی زۆریان رۆڵی ئەڵقە لەگوێو پیاوی بەعسیان یاری دەكرد، بەعس هەر بەوەشەوە نەوەستا، بەناوی (راستكردنەوەی نەتەوە)وە لە 2001/9/6 بڕیاری ژمارە 199ی دەكرد كە بەواژۆی سەدام حوسێن دەرچووەو رێگا ئاوەڵا دەكات بۆ هەموو عێراقیەك كە(18) ساڵیان تەواو كردووە نەتەوەی خۆیان، یان خۆیان بگۆڕن بەعەرەب ئەم بڕیارە**

بەپێی ناوەڕۆکەکەی کە خوێنەر تەماشای دەکات، وا تێدەگات ئارەزوومەندانە بێت، بەڵام دواتر ئەمە دەبێتە یەکێك لەپێشمەرجەکانی مانەوە لە کەرکوك(کوردو تورکمان) ناچار دەکرێن بۆ ئەوەی بتوانن لەکەرکوك بژین، دەبێ خۆیان بکەن بە عەرەب، یەکێك لە دیاردە سەیرو دەگمەنەکانی عێراق لەسەردەمی بەعسدا بەتایبەت لە ساڵی (1979) بەدواوە ئەوەبوو کە سەدام هەموو قسەکانی دەبوون بەبڕیارو هەر قسەیەکی بکردایە، لەرێگای میدیاو ناوەندەکانی راگەیاندنی بەعسەوە وەکو (دەق) پیرۆز دەکرا، گێژاوی ئێستای کەرکوك درێژەی ئەو سیاسەتە ترسناکەی بەعسە، جێی نیگەرانیە، عەرەبی عێراقی درکیان بەو حەقیقەتە نەکردوە کە بەعس بۆ چ کارەساتێك ئەمەی کردوە، هەر بۆیەش ئێستاکە لەمپەر دەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی بەندی(140)ی دەستور، گرفتی گەورە ئەوەیە، بەعس بە جۆرێك یاری بە سۆزی جەلادو قوربانی کردوە لەم شارەدا، تەنانەت تورکمانەکان کە هێندەی قەبارەی خۆیان زەرەری زۆر گەورەیان لەسەر دەستی بەعس کردوە، کەچی ناتوانن لەچوارچێوەی بەندی (140)دا چارەنووسی خۆیان دیاری بکەنو لانیکەم لەگەڵ کورد بن، بەتایبەتی (بەرەی تورکمانی) ئەمە لەکاتێکدا بەرەی تورکمانی زۆربەی کادیرە پێشکەوتوو سەرکردایەتیەکانیان، کاتی خۆی بەدەست بەعسەوە ناڵاندویانەو ئازاریان چەشتوەو راونراون بۆ تورکیاو شوێنی دیکە، ستەمی بەعس لە تورکمان بەتەنیا ئەگەر هەر ساڵی (1991) لەبەرچاو بگرین، لەهەریەك لە پردێ، بەشیر، تازە خورماتوو قەسابخانەیان بۆ دانرا، بەتەنها لە شارۆچکەیەکی بچوکی وەك تازەدا نزیکەی (300 – 400) کەس لەناودران، کە ئەو قوربانیانە زۆربەی زۆریان تائێستا هیچیان بۆ نەکراوە، لە پرۆسەکانی هەڵبژاردنیشدا زۆربەیان دەنگەکانیان لەنێوان بەرەی تورکمانیو لیستی ئیئتلافی شیعەدا دابەش بوو، قسە لەسەر ئەوەیە کە ئێستا ئەو قوربانیە لەو گەمەیەدا لەگەڵ قوربانی هاوشێوەکەیدا لەشەڕ دایە، لەبری پێکەوەبون، بەبڕوای من گرفتێك لەچۆنیەتی مامەڵەکردنی ئێمەدا هەیە لەسەر ئەو مەسەلەیە، چونکە ناکرێ تەنیا روداوەکەی 1959 ببێتە بیانوی ئەوەی کە کوردو تورکمان پێکەوە هەڵنەکەن، لەکاتێکدا هەر لەساڵی 1991 لە شارۆچکەیەکی بچوکی وەك تازە بەعس دە هێندەی رووداوەکەی ساڵی 1959 هاوڵاتی سڤیلی کردە قوربانی، راستە لەو نێواندا تورکیاش هەیە کە من لەکاتی خۆیدا قسەی لەسەر دەکەم.

## تێکدانی نەخشە ئیداریەکە

گۆڕینی نەخشەی ئیداری پەیوەندی بەو ئاڵوگۆڕو یاریکردنەوە هەیە کە بە نەخشەی کایرگێڕی کەرکوکەوە کراوە، دابڕینی چەندین ناوچەی تەواو کوردنشین، زیادکردنی ناوچەی عەرەبنشین، پتر لە 2 لەسەر 3ی 3/2 ی نەخشەی کارگێڕی کەرکوك لەسەر دەستی بەعس هەڵوەشاوەتەوە، بۆ نموونە: لەسیەکاندا پێکهاتەی کارگێڕی کەرکوك بەم جۆرە بووە:

**کەرکوك بە شەش ناحیێوە ناحیێکانی:** کەرکوك خۆی، شوان، قەرەحەسەن، ئاڵتون کۆپری(پردیٚ)، مەلحە، داقوق، ئەم ناحیێیانە بە 578 گوندەوە.

کەبەم جۆرە دابەش بونە:

1. کەرکوك 58 گوند
2. شوان 89 گوند ناوەندەکەشی رێدار بووە.
3. ئاڵتون کۆپری(پردیٚ) 33 گوند ناوەندەکەشی شارۆچکەی پردیٚ بووە.
4. مەلحە(حەویجە) 37 گوند ناوەندەکەشی گوندی تەل عەلی بووە.
5. 5.داقوق(تاوغ) 29 گوند، ناوەندەکەشی شارۆچکەی دێرینو مێژووی داقوق (دەقوقا) بووە.
6. قەرەحەسەن 52 گوند، ناوەندەکەشی گوندی خاڵۆ بازیانی ناوچەی قەرەحەسەن بووە.

**قەزای کفری**

1.ناحێی کفری 119 گوند، ناوەندەکەشی قەزاکە خۆیەتی.

2.ناحێی خورماتوو (دوز) 68 گوند، ناوەندەکەشی شارۆچکەی خورماتوو بووە.

3.ناحێی قەرەتەپە، 61 گوند، ناوەندەکەشی شارۆچکەی قەرەتەپە بووە.

4.ناحێی شێروانە، 13 گوند، ناوەندەکەشی قەڵای شێروانە بووە.

**قەزای چەمچەماڵ:**

1.ناحێی ئاخجەلەر

**قەزای گل ( لەناوەندی قادر کەرەم**

1.ناحێی قادر کەرەم

2.ناحێیەی سەنگاو

لە کتێبەکەی عبدالمجید فەهمی حەسەندا کە درەنگتر لەو مێژوە باس دەکاتو قسە لەسەر چلەکان دەکات پێکهاتەکە بەم جۆرەیە:

*کەرکوك * قەزای کەرکوك

ناحیێکانی:

1.ئاڵتون کۆپری (پردێ)

2.مەلحە (حەیجە)

3.شوان ـ رێدار

4.قەرەحەسەن

*کفری ناوەندەکەی کفریە

ناحیێکانی:

1.قەرە تەپە

2.پێباز

3.قەڵای شێروانە

*داقوق ناوەندەکەی داقوقە

ناحیێکانی

1.دوز خورماتوو

2.قادر کەرەم

*چەمچەماڵ ناوەندەکەی چەمچەماڵە

ناحیێکانی:

1.سەنگاو

2.ئاخجەلەر

ئەم پێکهاتەیە دواتر لەسەر دەستی بەعس گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا دێت، بۆ نموونە : بەعس کە دێت نەخشەکە بەتەواوەتی هەڵدەوەشێنێتەوە، بەم جۆرە:

*خورماتوو (دوز) بەناحیێەکانی

1.قادر کەرەم

2.نەوجول

3.ئامرلی

سەلمان پاك

دەگوازرێتەوە بۆ سەر تازە پارێزگای تکریت،(سەلاحەدین) ناوچەی لەدایك بونی سەدام حوسێن.

ئەم ناوچەیە بەگشتی نزیکەی 4019 کم2 روبەرەکەیەتی.
*کفری بەناحێکانی
1.سەرقەڵا
2.جەبارە
3.کوڵەجۆ
4.قەرەتەپە
دەگوازرێتەوە بۆ سەر پارێزگای دیالە
*کەلار بە ناحێکانی
1.تیلەکۆ
2.پێباز
دەگوازرێتەوە بۆ سەر پارێزگای سلێمانی
*چەمچەماڵ بەناحێکانی
1.سەنگاو
2.ئاخجەلەر دەگوازرێتەوە بۆ سەر پارێزگای سلێمانی، ئەم قەزایە، پێشتریش ماوەیەك لەسەر پارێزگای سلێمانی بووە واتە بەر لە شەڕی جیهانی دووەم.

پێویستە ئەوە بزانین کە زۆربەی زۆریان هەموو ئەم ناوچە دابڕاوانە بەتەواوی کوردنشین بونە، لەبەرانبەردا بەعس پەرەی بەناوچەی حەویجە داوەو کردویەتی بە قەزاو چەند ناحێیەکی بۆ پێکهێناوە، وەك ریاز، عەباسیە، ئەمە لەکاتێکدا حەویجە تا نوسینی ئەم بابەتەش بنەماکانی بونە قەزای تیا نیە. بەعس زۆری بەلاوە مەبەست بووە کەرکوك لەبەریەك هەڵوەشێنێتەوە، ئەمە لەکاتێکدا کە ئەوەی بۆ ناچێتە سەر، یان لانیکەم ئەو جۆرە لە گواستنەوەی ئەو ناوچانە خزمەت بە سیاسەتەکەی ناکات، پرۆسەی روخاندنو هەڵوەشاندنەوەی گوندو ناحێکانو دواتر بەتەواوەتی لەریشەکێشانی گوندنشینان لەشاڵاوی ئەنفالدا دەستپێدەکات، بە یەك بڕیار(6) ناحێ هەڵدەوەشێتەوە کە کە ئێمە پێشتر دەقی ئەو بڕیارەمان بڵاوکردوەتەوە، 779 گوند وێران دەکات کەلەو گوندانەدا 37726 خێزان ژیاون.

ئێمە لێرەدا بەشێکی زۆر لەو گوندانە ئاماژە پێدەدەین بەو هیوایەی کە حکومەتی کەرکوك لەو بارەیەوە سەرژمێریو ئامارێکی ورد بکاتو تەواوی زانیاریە پێویستەکانی تایبەت بەو گوندانە لە ژمارەی خانو پێش ئەنفال، ژمارەی دانیشتوان،

ژمارەی ئـەنفال، بـونی مزگـەوت، قوتابخانـە، بنكـەی تەندروسـتی، بـونی ئاشـی ئـاو، ژمارەی وڵاخی بەرزە، مەڕو ماڵات، ژماری ئۆتۆمبیل، تراكتۆر، دوو چەرخەو هتد ..

نـاوی بەشـێكی زۆر لـە گونـدە وێرانكراوەكـان، بـەداوای لێبوردنـەوە كـە ئێمـە لـەم نوسـینەدا بـەپێی ناوچـەی جـوگرافی، شـوێن، ژمـارە، سـەربە چ یەكەیـەكی كـارگێڕی، نەمانتوانی بۆیە گوندەكان جۆرێك لە تێكەڵیان پێوەدیارە.

*ناوی گوندەكان

1. قادر باغر
2. قەرغە تو
3. دارەمانی گەورە
4. دارەمانی بچوك
5. قەیە باشی
6. كەڵوڕ گەورە
7. كەڵور
8. كتكە
9. حەساری گەورە
10. حەساری كوێخا رەزا
11. نەبیاوە
12. گورزەیی
13. حەسار بچوك
14. گەوەنی
15. قەزنەفەر
16. گەڵۆزی
17. قەرەبەگ
18. چیاچەرمك گەورە
19. چیا چەرمك بچوك
20. دەرماناو بچوك
21. سەربیر
22. رۆژبەیانی

23. بیرەسپان گەورە
24. بیرەسپان بچوك
25. شانەشین
26. یارمجە
27. گۆڵدەرەی گەورە
28. گۆڵدەرەی بچوك
29. زەردك
30. بیبانی گەورە
31. بیبانی بچوك
32. قزڵقایە
33. شەناغە
34. قەبری عەلی
35. مامە
36. عەلەغێر
37. قەرەچەم
38. سارەلو
39. مەلحەی ژورو
40. وەهران
41. گابەڵەکە
42. مەکوڕ
43. درکەی گەورە
44. درکەی بچوك
45. قەرەدەرە
46. مەرعی
47. قەلا هەربەت
48. تەل هەلاڵە
49. قوشقایە
50. سێبیران

51. چەخماخە
52. خەرابە
53. پەڵکانە
54. دەرماناو
55. گڕاو
56. قەرەسالم سەرو
57. قەرە سالم خوارو
58. قەرەبوڵاغ
59. توڵکی
60. عەلی بەیان
61. بیراڵك
62. حەسار تەها
63. قادر زەمان
64. کاریز
65. گورزەیی رەحمان
66. گورگان
67. قەرەناو
68. پەڵکەڕەش
69. فەقێ میرزا
70. دار ئەختیار
71. ئۆمەرمەندان سەرو
72. ئۆمەرمەندان خوارو
73. دوو شیوان
74. تورکمان باخ
75. تەرەقە
76. کاریزە
77. ناسرو میسر
78. سورە دێی سەرو

79. سوره دێی خوارو
80. عەمدۆن
81. عەلیاوە
82. دەرماناو
83. گوڵمکەوە
84. پەڵکانە
85. مەحمود فاتە
86. یەختە خان
87. کلاوقوت
88. کەپەنگ
89. تۆراخ
90. دوو بزنی
91. گەڕە دێ
92. جانقزی سەرو
93. جانقزی خوارو
94. مەمان
95. پاپیلان
96. ئۆمەر بەگ
97. قادر عەلی
98. برایم زانا
99. جوڵحان
100. بیریجان
101. رەحیمە قوتە
102. دەلۆ
103. جگیلە
104. گۆران
105. ئیلینجاخ
106. خلە گەڕ

107. کاوله سوار
108. ئاوباریك
109. سماقه
110. عەلی میکایل
111. دار بەسەره
112. مامڕەش
113. عەلی موسا
114. تۆمار
115. قەمەر
116. قولی بەگ
117. جەوه جەوه
118. سمایل بەگی
119. حاجی بەیخان سەرو
120. حاجی بەیخان خوار
121. گورزەیی ئەمین
122. گەنیاك
123. تورکه
124. مۆرد
125. تەپەکوڕەی سەرو
126. تەپەکوڕەی خوار
127. ناڕوجەی بچوك
128. ناروجەی گەوره
129. کانی فەقێ
130. نەیبەسەره
131. حەسەن قەباغ
132. شەوگێڕ
133. مەرزیخەی سەرو
134. مەرزیخەی خوارو

135. کانی ڕەش
136. سورە دێ
137. سۆنە گۆلی
138. جەوڵبۆر
139. یاروەلی
140. پەنجە عەلی
141. گۆگجە
142. کۆچەك
143. سەقزلی
144. سێکانیان
145. تۆبزاوە
146. عەلیاوە
147. کوردە میر
148. تالاو
149. شۆراو
150. گۆرگە چاڵ
151. قوتان
152. چراخ
153. چوقلیجە
154. حەساری حاجی مەحمود
155. هەنجیرە
156. عەللاوە مەحمود
157. کوازی کوردان
158. عەوێنە
159. جلفە
160. شێخ جیری
161. شیرین بولاخ
162. حەفتا چەشمە

163. باداوه
164. وەسمان لەکە
165. پوزەڵە
166. مامشە
167. تۆبخانە
168. هەردەوێڵ
169. شێر دەرە
170. گۆران
171. خلە گەڕ
172. ڕەحیمە قوتە
173. قەفار
174. جەبەل بۆر
175. قەرەوەیس
176. تەپەلو
177. خەڵخانلو
178. ساڵەیی
179. میلە سورە
180. تەیمەزاوە
181. ئۆمەرە گەدە
182. مەتارە
183. شوانە
184. باشبلاخ
185. هەیبە
186. حەسار
187. کەوەڵە
188. جافان
189. مەملی
190. زەنگنە

191. چیمەن گەورە
192. چیمەن بچوك
193. خاڵۆ بازیانی
194. عەلیاوە
195. بەیانلو
196. سیامەنسور
197. شۆرجە
198. تەرجیل
199. گورگەی خاسە
200. خان
201. ساتی
202. یەحیاوە
203. قەرەلو
204. فەرقان
205. بنەی سەرو
206. بنەی خوارو
207. بنەی ناوەند
208. پەڵکانە
209. قازان بوڵاخ
210. بەرزان
211. ترکە شکان گەورە
212. ترکە شکان بچوك
213. سەیدان سەرو
214. سەیدان خوارو
215. قایش پاشا
216. ساریتەپەی سەرو
217. ساریتەپەی خوارو
218. ساریتەپە

219. حوسێن ئیسلام
220. یارمجه
221. حەسەن خان
222. حەمك
223. زینانه
224. نەزراوه
225. خدر بوڵاخ
226. خدر بەگ
227. قشڵاخ
228. باشتەپەی بچوك
229. باشتەپەی گەوره
230. چەچان
231. گومەته بۆر
232. لفتی ئاغا
233. زینانەی گەوره
234. ساری چەم
235. مناره
236. وارانی خوارو
237. گەرمك
238. سونگور
239. لەك
240. شۆراو
241. میلناسر
242. کوڵەکانی
243. دار بەسەره
244. ئەلبو سەباح
245. خدر وەلی
246. پەڵکانەی سەیدەکان

247. ئاخجەمەشەت
248. هۆمەر سۆفی
249. ئاوایی حەسەن
250. هەیدەرە سور
251. جوامێر ئاغا
252. قوشەلان
253. گۆمەیی
254. قەڵای مەدحەت
255. تەپە چەرمو
256. ساڵەیی
257. دوراجی
258. چەوری
259. تاڵاو
260. ئاوایی رەزا
261. ئاوایی مەحمود بەگ
262. وارانی سەرو
263. نەورۆز
264. چیمەن
265. سۆران
266. چەم سورخاو
267. وێڵە
268. چنگنی
269. قۆچەلی
270. هەنارەی حەمە سەعید
271. کوڵەبان
272. تاوێر بەرز
273. زەردە
274. مەحمود پەرێزە

275. ژاژ
276. قایتەوەن گەورە
277. بانگۆل
278. کانیبایز
279. هەنارەی حەمە ئەمین
280. شێخ محەمەد
281. گۆلەمە
282. کۆرو مۆری سەرو
283. کۆرومۆری خوارو
284. پوزڵ
285. عەلی مستەفا
286. کۆیك
287. قەرەچێوار
288. بەکر باجەڵان
289. مۆردانە
290. تەپەکوڕە
291. هەنارەی حەمە شەریف
292. فەرهاد بەگ
293. یاریاوڵە
294. عەلیاوە
295. قەشقە
296. قەڵا مکایل خوارو
297. قەڵا میکایل سەرو
298. وەستا خدر
299. تەکیە
300. جانی
301. زنەخۆر
302. تەختەمینا

303. تازه شار
304. گۆڵباخ سەرو
305. گۆڵباخ خوارو
306. لەك هیدایەت
307. سۆفی رەزا
308. دارەتو
309. رەمەیان
310. بەگزادە
311. مەلا ئۆمەر
312. هەرمۆڵە
313. چاڵگە
314. گۆبان
315. زەماونگە
316. حەسەن محە
317. تازە دێ
318. ئەحمەد وەلی
319. بارام بەگ
320. مامیسك
321. قەیتول
322. تەپەسپی
323. دارتو زەنگنە
324. ئاوباریك
325. كۆشكی كۆن
326. بەكرە گەڕە
327. حەسەن پرچن
328. مشكی بان
329. تۆپخانە
330. گردە گۆزین

331. قەرە چێڵ
332. ژاڵەی سەفەر
333. چاڵە ڕەش
334. بەردە سور
335. گێژەکان
336. عەزیز بەگ
337. برایم غولام
338. قایتەوەن بچوك
339. گەڕاو کانی
340. قادر شێخ محەمەد
341. کانی قادر شێخ مەجید
342. کانی قادر شێخ سەعدون
343. زەوج
344. قەڵاوێز
345. شاوك
346. هەڕێنە
347. خدر رێحان
348. بنکەی رۆستەم ئاغا
349. کەریم باسام
350. عەبدوڵلا هۆری
351. سپی سەر
352. تیلەکۆی ئەحمەد
353. فەقێ مستەفا
354. قاسم ئاغا
355. گەرمك
356. مچە شەل
357. عیسایی
358. عەلەو محە

359. باوەكر
360. شەلەیی
361. قیرچە
362. تەكیە كۆن
363. كۆشك
364. سەید خەلیل
365. تورکە
366. بەرلوت
367. قولە سوتاو
368. حەسەن گەلاڵی
369. جراخە روتە
370. قاسم بەگزادە
371. نورە
372. سەوسكە
373. زەنان
374. شێر دەرە
375. تاڵەبان
376. تەپەدێ
377. كۆنە كۆتر
378. قرخ
379. دارەتوو
380. هەكز
381. كوڕە داوێ
382. گۆران
383. قەڵاچوخە
384. قەرە تامۆر
385. جافان
386. خوێڵێن

387. گەڕاوی حاجی شەریف
388. زەلە سوتاو
389. مەسۆی بەرگەچ
390. گۆمە زەرد
391. پونگەڵە
392. کانی بەیتەش
393. میرەیی
394. سێ گومەتان
395. هەمزە رۆمی
396. کەڵان
397. هەنجیرە
398. کچان
399. کرپچنە
400. تیمار
401. زینانە
402. حەسەن کەنۆشی خوارو
403. حەسەن کەنۆشی سەرو
404. دێرەشە
405. ئاوە بۆرەکەی سەرو
406. ئاوە بۆرەکەی خوارو
407. محە بارام
408. ژاڵەی مەملەحە
409. مەملەحەی گۆم
410. کانی مامە
411. پونگەڵە
412. کەوەڵە
413. دەروێشان
414. زالواو

415. دەرزیلە
416. خدری
417. جامڕێز
418. هەنارە
419. شەلەیی
420. قادراوە
421. ژاڵەی کرپچنە
422. پێنج ئەنگوست
423. مرالی
424. عەینکە
425. فەقێ حاجی
426. دەرەوار
427. کەلەڕەشی بچوك
428. کەلەڕەشی گەورە
429. کەریم ئەجەل
430. درۆزنە
431. کەلەڕەشی
432. تەپەسێ
433. قەڵای گۆپتەپە
434. دووبڕاو
435. مەسۆیی
436. داربەڕوو
437. ڕەبات
438. خێڵئاخە
439. تەپە عارەب نەریمان
440. تەپە عارەب حاجی مارف
441. هەشە زەینی
442. بانی مۆرد

443. گۆیژه
444. کێله بەرزه
445. دلکه
446. تەپه سور
447. جنۆکه
448. جنۆکه
449. جنۆکه
450. جنۆکه
451. عیزەتئاوا
452. قەڵاگه
453. کانی خاکی
454. باخه گردەڵه
455. سەرقەڵا
456. فاتکه
457. هەزار کانی
458. گەڕه چیا
459. کارێزەی دەلۆ
460. گردی زابت
461. داره کەل
462. تەپه گەڕوس
463. گۆڕی ئەسپ
464. توڕکه
465. کورده میر بارام
466. براو گەل
467. رازیانه
468. شێخ تەویل
469. بەرکەڵ
470. قەڵا سولەیمان

471. کانی کەل
472. بەلەگاوی
473. هۆمەر ئاغا
474. تیلەکۆی قەلەندەر
475. زەینەڵ
476. بێستانە
477. چرچە قەڵا
478. تم تمە
479. تاڵەبان
480. سەید بەیخان
481. کوردە میر فەقێ حوسێن
482. چیا چەرمو خوارو
483. چیا چەرمو سەرو
484. بەکر بایەف
485. زەردە لیکاو
486. گوڵمکەوە
487. ئیمام محەمەد
488. تورە جار
489. بنگرد
490. گورگەی چاوسور
491. پیریادی
492. چەشمە بەردین
493. کانی بناو
494. چۆڵمەکی سەرو
495. ئەحمەد لەوەند
496. برایم ئاغا
497. موەفەر
498. عەلی مەنسور

499. کانی چنار
500. هەڕاوە
501. کانی کەوە
502. هەمزە
503. گورگەی شامار
504. گۆرگەی فەتاح
505. وەسمان غەزال
506. کانی سارد
507. تەژگە
508. باینجان سەرو
509. باینجان خوارو
510. عەلی زەنگنە
511. مەلا حوسێن
512. کانی کوچەڵە
513. گورگەیی
514. قورەتە
515. فەیزاوە
516. گۆشقوت
517. لەکاوە
518. خوا مراد
519. شۆراوە
520. خاڵدان
521. کانی مستەفا
522. سۆفیە سەن
523. ژاڵەی دەربەند
524. قوولە
525. سەرکەل مارف
526. ژاڵان

527. هەزار كانى
528. مله سووره
529. گامەخەل
530. كوڵەجۆ
531. زەرد قادر
532. تۆرانى شێخ سەعيد
533. پير مۆنى
534. كانى عوبێد
535. قوليجانى سەرحەد
536. قوليجانى حەمەئەمين
537. كوردە مير ئەحمەد
538. تۆپخانە
539. سەيد مەحمود
540. پونگەڵە
541. سەركەل خەسرەو
542. تەڵەبى
543. عەزيز قادر
544. قەڵا قۆچەلى
545. گۆمەزەرد
546. هەوارە بەرزە
547. زەرد مەحمود
548. تۆرانى شێخ سەلام
549. قەواڵى
550. سەيد خدر
551. خان رەوف ئاغا
552. سەر ڕەش
553. رەند عەلى خان
554. ژاڵەى حاجى قادر

555. گەرمك
556. دڕكەی خواروو
557. دڕكەی سەرو
558. تەپە سپی
559. قەڵا چەرمەڵە
560. بنكەی خەپەكوێر
561. سەركەل ئەحمەد عەزیز
562. عەلیانی گەورە
563. عەلیانی بچوك
564. سێگردكان
565. تەپە سەوز
566. تیلەكۆی بچوك
567. زەرد حەمە
568. خەڵوە
569. هەوارە قوڵە
570. قەبری مەلا
571. پوقە
572. شۆڕاوە
573. كەنی زەرد
574. ئەحمەد ئاوا
575. گۆمەزەردەی خوارو
576. گۆمەزەردەی سەرو
577. دێی حەمەی ڕۆستەم
578. تاڵاو
579. بییە ڕەش
580. قولە بەرز
581. ئاوەخوێڕی
582. پاریاوڵەی بچوك

583. بانی خان
584. تازە دێ
585. گردە ڕەش
586. ترشکە
587. کەڵە شێرە
588. کارێزە
589. سەید جەژنی
590. چوار شاخ
591. دێبنە
592. هۆمەر بل
593. وەلی حەیدەر
594. کارێزە
595. ناساڵح
596. بەکرە شەل
597. میل قاسم گەورە
598. میل قاسم بچوک
599. فەتاح هۆمەر
600. گۆپان
601. بەلەگەی گەورە
602. بەلەگەی بچوک
603. سەیدە
604. شاکەل
605. قەڵا چەرموو
606. عەبدوڵڵا قوت
607. بریام خان
608. کانی ماران
609. کۆکز
610. چاڵاو

611. مەلا حوسێن
612. سەید مراد
613. قەرە بولاّخ
614. هۆمەر ئاغا
615. سێتەپان
616. تازە شار
617. شێخ لەنگەر گەورە
618. شێخ لەنگەر بچوك
619. چاڵەڕەش
620. قەرە بولاّخ گەورە
621. قەرەبولاّخ بچوك
622. سیامەڕۆ
623. شێتەکان
624. چەتاڵ
625. کوڵەجۆ
626. ئاوبارەی کوێخا حەسەن
627. تەپە سەرای
628. خدر ماڵو
629. چالاّو سورك
630. بان سندوق
631. ڕۆبتان
632. سماقە
633. توکن
634. قرژاڵە
635. چوار شاخی بچوك
636. چوار شاخی گەورە
637. قەلاّ ڕێویلە
638. سێخڕان

639. سقزان
640. تیلەکۆ
641. درۆنەی گەورە
642. درۆزنەی بچوك

بەشێکی زۆر لەم گوندانە لە دووجار زیاتر سوتێنراون‌و وێرانکراون‌و تالانکراون‌و زۆرێك لە هاولاتیەکانی بەرشالاوەکانی ئەنفالی قۆناغەکانی سێ‌و چوارو پێنج کەوتوون.
بەگشتی لەتێکدانی نەخشەی ئیداریدا روبەری شاری کەرکوك(پارێزگاکە) بەر لە سالی1976، 19.543 کم2 بووە ئەم روبەرە دوای ئەو سالە بووە بە 9426کم2 ، واتە بەگشتی 10.117کم2 لە روبەرەکەی دابڕاوە.

**عێراقی دوای سەدام‌و پرسی کەرکوك**

لەگەڵ روخانی سەدامدا بارودۆخێکی نوێ هاتە پێشەوە، پێشتر، بەدرێژایی شەڕو ئاشتی نێوان سەرکردایەتی کوردو حکومەتی بەغدا پرسی کەرکوك، پرسێکی چارەنووسسازو جێ قسەی زۆر بوو، دوای رۆژی 2003/4/10 کورد وێڕای ئەوەی سەرکردایەتیەکەی هەوڵیدا زۆر بەئارامی‌و دور لە هەر توندوتیژیی‌و زەبرو زەنگێك مافەکانی خۆی وەربگرێتەوە، بەلام لەکەرکوکدا دیاردەی تالانکردن‌و هەڵکوتانە سەر دام‌و دەزگاکان‌و دزی، وێنەیەکی دزێوی کوردی لای میدیاکان دروستکرد، دواتریش زۆر بەبێ بەرنامە دیاردەی سەرپێچیکردن دەستی پێکرد، ئەم دیاردەیە بوو بە بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگر بەدەست دوژمنانی کوردەوە، هەر لەسەرەتاوە ئەو دیاردەی سەرپێچیکردنە زۆر بەئاسانی دەکرا بەربەست بکرێ، بەلام نەکرا، بگرە یەکێتی و پارتی، یان راستتر بەرپرسانی یەکێتی پارتی لە ئاستی بەرزدا زەمینەیان بۆ ئەم واقیعە رەخساند، وەك جۆرێك لە تۆڵەکردنەوە لە بەعس، بەهیوای ئەوەی لە ئایندەدا ئەمە ببێتە دیفاکتۆ، هەر ئەم دیاردەیە دواتر بە (تکرید)کردنی شارەکە ناوزەد کرا، لەکاتێکدا کەرکوك بەپێی دیرۆك‌و جوگرافیا چ پێویستی بەو ناولێنانە نیە، ئەمەش کەرکوکی لە دۆخی گەڕانەوە بۆ دەستی خاوەن ماف گواستەوە بۆ سەر مێزی گفتوگۆ، واتە کەرکوك برایە سەرمێزی دانوستان‌و بوو بە کارتی کێبڕکێ لەنێوان کوردو عەرەب‌و تورکمان‌و خەڵکی دیکەشدا، (زەویە کێشە لەسەرەکان) ئەم دەستەواژەو

ناونیشانه لەوێوە پەیدابوو، ئەمە لەکاتێکدا لە بری ئەو هەموو سەرپێچیە، دەکرا هەر لەسەرەتاوەو لەهەنگاوی یەکەمدا گێڕانەوەی کەلارو چەمچەماڵو کفریو خورماتوو بکرایەتە دیفاکتۆ، نەك پەرەپێدانی دیاردەی تەجاوزو سەرپێچی کە سەدان دزو گیرفانبڕی گەورەو بچوکی دروستکرد، لەدوای 2003/4/10 زۆر ئاسان بوو کار بۆ گێڕانەوەی ئەو شوێنە دابڕاوانە بکریو کوێ بڕیارەکانی(سەرکردایەتی حیزبی بەعس)ی هەڵوەشاوە، هەڵبوەشێتەوە بەبەندی (42) شەوە، گەورەترین عەیبو پەڵەیەکی ناشیرین بەنێوچەوانی کوردەوە دیاردەی تەجاوزە، ئەمە لەکاتێکدا زۆر بەبێ مانایی دەستی پێکرا، خۆ گەر یەکێتیو پارتی بەشێوەیەکی مۆدێرن زەویان دابەشبکردبا و پێویستیەکانی (ئاووئاوەڕۆو جادەو بانیان) لەو شوێنانە بکردایە بنچینەی گەڕانەوە، وەك چۆن لە سلێمانیو هەولێر بەبەهەشتی شاریو شاری ژیانو چی چی دروست دەکەن، دەکرا بەتەنیشت شاری کەرکوکەوە لەچەند شوێنێك شاری زۆر جوانو سەرنجراکێش دروست بکرایە، کە ئەوەش سەرنجی خەڵکی رادەکێشا کە ئەوەتا کوردەکان دەیانەوێ قەرەبووی ئەو رابردووە بەجوانکردنی شار بکەنەوە، لێرە واقیعەکە تەواو پێچەوانە بوو، گواستنەوەی کەرکوك بۆ سەر مێزی گفتوگۆو چوارچێوەبەندکردنی لە بەندی(58)ی دەستووری کاتیو دواتر بەندی (136)و ئینجا(140)ی دەستووری هەمیشەییدا دانەوەی باجی ئەو هەڵەیە، هەربۆیەش ناونیشانەکەی ئێمە، ناونیشانێکی جیاوازتر بوو، لەکوێ ئەو قسانەی کە خەڵکی دیکە دەیکەن،ئێمە تالاوی هەڵەی خۆمان دەنۆشین، بەوەی کەرکوك لە پرسێکی رەواوە دەکەینە کێشەیەکی فرە خاوەن، ئێستاش بەناچاری دەبێ سیاسەتی هونەری بەدەستەوە هاتن پیادە بکەین، هەمو ئەوە دەزانین کە ئەمەیان زۆرێك لەگەمەی سیاسی تێدەکەوێت هەر ئەوەی کە (مەلا مستەفای بارزانی) نەیویستوە بەهیچ جۆرێك گفتوگۆی لەسەر بکرێ، ئێستا کەرکوك بەبارودۆخێکی زۆرهەستیاردا تێدەپەڕێ، ئەوەش بەشێکی زۆری وەك گوتم هەڵەی خۆمانە، بۆیە دەبێ لە ئێستاوە بیر لە رێگا چارەکانی دیکە بکەینەوە، روخاندنی گوندەکان بەشێکە لە سیاسەتی تەعریبو راگواستنو جینۆساید، ئەمەش بەپێی هەمو پێوەرێکی نێودەوڵەتیو ئاکاری بەپێی قانون، پێویستە هەم دۆخەکە ئاسایی بکرێتەوە، هەم ئەو خەڵکانە قەرەبوو بکرێنەوە، بەگێڕانەوەیان بۆ جێو رێی خۆیان. لێرەدا نە تورکیاو نە کەس ناتوانن رێگری لەم گەڕانەوەیە بکەن، کەچی بەپێچەوانەوە لەم پرۆسەیەداو لەچوارچێوەی بەندی 140ی

دەستووردا بەتەواوەتی ئەو خەڵکە کەلە هەموو کەس، زیانلێکەوتوترن، فەرامۆش کراون، ئەمەش دەکەوێتە ئەستۆی سەرکردایەتی کوردو بەتایبەتی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدرال‌و سەرۆکی هەرێمی کوردستان کەلەم پێناوەدا شەڕێکی ئاکاری یەکلاکەرەوە بەڕێبخەن.

**بەندی 140 چارەسەرە یان گێژاو**

ئەگەر لەنیازی تەواوی لایەنە جیاجیاکانی عێراقیدا، بەتایبەت لایەنەکانی کەرکوك ئامادەیی هەبێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو بەندەی دەستور، کە هەندێ جار تەنانەت لە بڵاوکردنەوەی تەواوی دەستورەکەشدا لایەن هەن خۆیانی لێ دەبوێرن، ئەوا مادەی 140ی دەستوری عێراقی، کە زۆرێك لەخەڵکی عێراق دەنگیان پێداوە، دەتوانێ یان راستتر دەکرێ لە رێگایەوە بەشێکی زۆر لە کەرکوك‌وشوێنە هاوشێوەکانی کێشەکانیان چارەسەر بکرێ، ئەوەی کە لێرەدا بەندی 140ی دەستوری لەرێگاچارەوە بۆ گێژاو گواستوەتەوە، ئەوەیە کە ئەو بەندە بەلای هەم کوردو هەم تەواوی عێراقیەکانەوە، وا کەوتووەتەوە کە پەیوەستە بە کەرکوکەوەو لەو روانگەیەشەوە، هەر کوردە داکۆکی لە جێبەجێکردنی دەکات، بەداخەوە ئەمە لەمیدیای کوردیشدا رەنگی دایەوە، نەك هەر ئەوە بگرە تورکیا هەرتەنیا لەبەر ئەوەی ئەو مادەیە هەنگاوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کەرکوك، هەر بەخێرایی خۆی تێهەڵقورتاندو هەڕەشەی توندی کرد، ئەگەرچی ئەو هەڕەشانە، بەبەردەوامی بەشێکن لە زمانی ئاخاوتنی تورکەکان، ئێمە کە قسە لەگێژاو دەکەین، قسەمان لەسەر هەر ئەوە نیە کەلە هەموو لایەکەوە دەستێوەردان لەو پرسە هەیە، قسەمان لەسەر ئەوەشە کە تەواوی بەندی 140ی دەستور پەیوەست کراوە بە کەرکوکەوە، لەکەرکوکیشدا بەبەردەوامی کار بۆ ئەوە دەکرێ دوژمنی بۆ پەیدابکرێ، گرفتە بنەڕەتیەکە لێرەوەیە، جێی داخە کەس نایەوێ دان بەو راستیە مێژویەدا بنێت کە تەنانەت شەمسەدین سامی مێژنوسی تورکیش نەیتوانیوە بیخاتە ژێر لێوەوە، یەکەمین دەستەی ئەنجومەنی کەرکوکیش کە ئینگلیزەکان دایانناو دیاریان کرد بەپێی نەتەوەو ریشەکان کورد مافی بەقەد ئەوانی دیکە بەگشتی پێدرابوو، واتە بەکورد نیوەو بە مەسیحی‌و جولەکەو عەرەب‌و تورکمانیش نیوەکەی دیکە، بەم جۆرە:

کوردەکان:

1.سەید ئەحمەدی خانەقا

2.ئەحمەد حەمدی ئەفەندی

3.جەمیل بەگی بابان

4.عومەر ئاغا

5.شێخ حەمید تاڵەبانی

6.رەزا بەگی جاف

تورکمان:

1.مەجید یەعقوبی

2.حەسەن نەوتچی

3.حاجی جەمیل بەگ

مەجید یەعقوبی بەپێی بیروڕای زۆرێك کەس بەتایبەت ئەوانەی شارەزای ریشەو رەچەڵەکی بنەماڵەکانی کەرکوکن، کوردەو زەنگنەیەو خەڵکی قایتەوەنە.

جولەکە:

1.ئیسقیل ئەفەندی

عەرەب:

1.حسێن ئەلعەلی

مەسیحی:

1.قوستەنتین ئەفەندی

ئەم ئاماژەیە هەر بۆ ئەوە بوو کە بڵێم تەنانەت داگیرکەرانیش کە هاتون لەگەڵ واقیعدا مامەڵەیان کردووە، ئێستا بۆ دەبێت کەس ئاوڕ لەو واقیعە نەداتەوە، ئەمە رێك لەبەرئەوەی بەجۆرێك لە جۆرەکان، پاش‌و پێشکردنێك لە چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو مادەیەو وردەکاریەکانی نێویەوە هەیە. واتە قۆناغەکانی جێبەجێکردنی بەندی(140) بەجۆرێك داڕێژراون کە زیاتر ببنە هۆکاری گرفت دروستکردن، نەك چارەسەر، هەڵبەت ئەگەر گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان، بکەوتایەتە پێش قۆناغی هێنانەوەی ئاوارەو ناردنەوەی عەرەبی هاوردەوە، گرفتەکان بەو جۆرە قورس نەدەبوون، هەرچەند ئەمە هەمووی دەکەوێتە قۆناغی ئاساییکردنەوەوە، بەڵاو ئەولەویات بە دوەمیان دراوە.ئێستاش بەبڕوای من دەبێ یەکسەر دەستبکرێ بەجێبەجێکردنی قۆناغەکانی دیکەو قۆناغی یەکەم مەودای بدرێتە دەمەوە بەو شێوەیەی کە بتوانرێ بە ئاسانی پرۆسەی جێبەجێکردنی ئەو بەندەی دەستور بڕواتە پێشەوە، بۆ نمونە هەر تەنیا

هەڵوەشـاندنەوەی بەنـدی 42 لەلایـەك‌و لەلایـەكی دیكەشـەوە، هەڵوەشـاندنەوەی ئـەو مەرسومە كۆمارییانەی كە چەمچەماڵ‌و كەلارو كفری‌و خورماتویان پێگوازراوەتەوە، بۆ نمونـە بەمەرسـومی كۆمـاری 41 ی رۆژی 1976/1/29، خورمـاتوو خراوەتـە سـەر تكریـت‌و كفـری خراوەتـە سـەر دیالـە. هەڵوەشـانەوەی ئـەو مەرسـومەو دەركردنـی مەرسـومێكی دیكـە بـە جـارێكی دیكـە گێڕانـەوەی ئـەو شـوێنانە بەسـە بـۆ ئـەوەی هەنگاوەكان خێراتر كەین،كە قسە لە گێژاو دەكرێ، تێبینی كردنی ئەو سستییەیە.

**ئەگەر بەندی 140 جێبەجێ نەكرێت**

جارێكیـان لـەنێو ئاوارەكـان رێپۆرتـاژێكم كرد،پیرەژنێـك پێـی گـوتم: " ئـیتر بیـشمرم قەیناكـە" ئـەم پیرەژنـە سـەرگەرمی كـاركردن بـوو، لەگـەڵ كوڕەكانیـدا بـۆ ئـەوەی لەباروتخانـەی كـەركوك خانویـەكی تـەجاوز بكـات، مـن دەزانم ئـەو پیرەژنـە كـەركوكی لـەخۆی خۆشـتر دەویـست، بـەڵام ناچار بـوو ئـەو كـارە بكـات، لەبـەر ئـەوەی پـێش ئـەو بەرپرسـەكان دەسـتیان بەسەرپێـچی كردبـوو، لەلایـەكی دیكەشـەوە ئیـدارەی كـەركوك لەبـەدیهێنانی خـەونی ئـەو پیرەژنـەدا دەستەپاچە بـو، بەنـدی 140ی دەسـتور، یەكێكـە لەو بەندانەی كەدواجار دێت لەمپەرەكانی نێوان جەلادو قوربانی ناهێڵێت‌و برینـەكانی قوربانی ساڕێژ دەكات، قوربانیەك كە بەڵگەو دكۆمێنتـەكان هێنـدە زۆرن كە پێویـستی بە بوختان‌و فرت‌وفێڵ نیە، قوربانیەك كە دوای 15 – 16 ساڵ دەربەدەری‌و مەینـەتی دێتەوە چوار دیوار بەرز دەكاتەوە بۆ ژیان‌و دەڵێ :"ئیتر بشمرم قەیناكە" ئـەم قوربانیـە خەڵكی شارێكە لەساڵی (1927)ەوە نەوتی لێ بەرهـەم دەهێنـرێ‌و لەسـاڵی 1955 واتـە پـاش (28) سـاڵ لەبەرهـەمهێنان بەرهـەمی سـاڵانەی گەیـشتوەتە (25) ملیـۆن تـەن‌و لەساڵی 1979 بەرهەمی ساڵانەی گەیشتوەتە (50) ملیۆن تـەن، ئـەو قوربانیـە هـەرگیز رێگـا نـادات، ئیـدی جـارێكی تـر ببێتـەوە بـە قوربـانی، ئـەو لـەم چركـە سـاتە بـەدواوە دەیەوێ بژێت، لەمپەرخستنە بەردەم جێبەجێكردنی ئەو بەندە، پەرچەكردارێكی توند لای ئـەو پیرەژنـە دروسـت دەكـات، واتـە هەڕەشـەی گـەورە لەجێبەجێنـەكردنی ئـەو مادەیەدایە، نەك جێبەجێكردنی، ئەمە پاش ئـەوەی كـەركوك‌و شـوێنە هاوشـێوەكان بـۆ چارەسـەركردن خرانـە چوارچێوەی دەسـتورەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بـەبڕوای مـن ئەگـەر لەمپـەر بخرێتـە بـەردەم جێبـەجێكردنی ئـەو مادەیـە، وەك كـاری بـۆ دەكرێـت یـان جێبەجێنەكرێت، دەبێ ئێمە یەكەمین هەنگاومان ئاوەدانكردنەوەی گوندەكان بێت، ئەو پـشتوێنە كوردیـەی كـە بـەعس بـە بیـانوی پـشتێنەی ئـەمنی دواتـر لـە پـەلامارەكانی

ئەنفالدا ویّرانی کرد، ئاوەدانکردنەوەی تەواوی ئەو گوندانە بەشێوەیەکی باش، واتە گەڕانەوەی زیاتر لە (50) هەزار خێزان بۆ سەر جێ و ڕێی خۆیان، من لەهەردوو حاڵەتدا لەجێبەجێنەکردن و یان جێبەجێکردنی بەندی 140دا پێموایە ئەو پەڕی گێلی و نائاگاییە ئەگەر بەمەبەستەوە کەرکوك بە بەرمیلە باروت ناوببرێ. بەبڕوای من لەهەردوو باردا دەبێ ئاوەز بەسەر هەر هەنگاوێکی دیکەدا زاڵبێت،پەنابردنە بە شەڕ هیچ چارەسەرێك لەگەڵ خۆیدا ناهێنێ، جگەلە وێرانکردن، حەقیقەتی مێژووش هەر ئەوە دەڵێت، کەواتە دەبێ ڕێگاکانی دیکە تاقیبکەینەوە،ناکرێ بەهیچ جۆرێك قسەلە جێبەجێنەکردن بکرێ بەو مانایەی زەحمەتە، یان ناکرێ، بۆیە پێویستە تا 2007/12/31 پێداگری لەسەر ئەوە بکرێ کە دەبێ لەم ساڵدا هەنگاوەکان بەگشتی هەڵبنرێن، دواتر بیر لە ڕێ و شوێنی ماوەدرێژکردنەوە یان هەر شتێکی دیکە بکرێتەوە.

**تورکیا چی لەکەرکوك دەوێت**

تورکەکان هەم کتێبەکەی شەمسەدین سامیان خوێندوەتەوە، هەم خۆیان لەنزیکەوە چاودێری ئامارو سەرژمێریەکانی ئەم سنورەیان کردوەو بگرە لە کێشەی ویلایەتی موسڵدا خۆیان لایەنێکی مەسەلەکە بون، تورکەکان دەزانن هیچ سەردەم و کاتێك تورکمان لێرە زۆرینە نەبونەو بەو پەڕی چاوپۆشیشەوە ئەوجا گەیشتونەتە 5/1ی ژمارەی دانیشتوان، بۆ نموونە لەسەرژمێری ساڵی 1957دا ئامارەکە بەم جۆرە بوو:

تورکمان 11.2٪ بووە واتە نزیکەی 10٪ کەمی کردووە.

ئێستاش بەپێی هەندێ زانیاری بەردەستی کەناڵی (عربیە) کە کاتی خۆی لەبەرنامەی پانۆرامادا ئاماژەی پێدا:

کورد 35٪

عەرەب 35٪

تورکمان 20٪ پێکدێنن.

ئەوانی تر 10٪

بەهەموو پێودانگ و ئامارێك هەرگیز تورکمان لەو ژمارەیە زیاتر نابن .. کەواتە تورکەکان چیان لەم شارە دەوێت؟ ئەگەر ئاوڕ لە ڕابردوو بدەینەوە بەتایبەت ڕوداوی ساڵی 1959 تێدەگەین کە تورکەکان جگە لە دروستکردنی کێشە هیچی دیکەیان لە کەرکوك ناوێت و بیانوەکەشیان هەر ئەوەیە کە ئەگەر کورد دەستی بەکەرکوك ڕاگات،

یان کەرکوك بگێڕێتەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، ئەوا کوردەکان جاڕی سەربەخۆیی دەدەن، جاریێ، هیچ نەبوە، بەڵام دیارە تورکەکان ئەو حەقیقەتە باش دەزانن کە ئەو ڕۆژە هەر دێت و ئەوانیش هیچیان پێناکرێت، بۆیە بەدوای لەمپەردروستکردندا دەگەڕێن، ئەو ئاراستەی گۆڕانەی لەدنیادا هەستی پێدەکرێ و لەگەشەکردندایە، بمانەوێ و نەمانەوێ ئێرەش دەگرێتەوەو دواجار خەونی هەموو ئەو شاعیرە کوردانەش دێتە دی کەبە شەمەنەفەرو پاس لە سنەو سلێمانیەوە بەرەو پایتەختی کوردستان بەرەو (دیار بەکر) بچن. ئەمە درەنگ و زوو کەوتوە، ئەو ڕۆژە هەر دێت، زۆر پێویستە تورکمانەکانی کەرکوك ئەو حەقیقەتە دەرك پێبکەن و لەوەش حاڵی بن کە بەرژەوەندی و چارەنووسی ئەوان لێرەیە لە کوردستان نەك لە تورکیا، دواجار تورکمانەکانی ئێرەش بەدەردی ئەوانەی قوبرس دەچن، بەشە تورکیەکەی قوبرس کە جگە لە تورکیا کەس لەو دونیا بەرینەدا دانیان پیانانیێ، وا نزیکەی 35 – 40 ساڵیشە ئەو کێشەیە درێژەی هەیە، تورکیا دەتوانیێ بەرێگای دیکە لەم ناوچەیەدا، وەك دراوسێیەك ڕۆڵی خۆی ببینیێ، بۆ ئەو مەبەستەش بەبەردەوامی دەسەڵاتداریێتی کورد، کە چیتر ئەو دەسەڵاتدارێتییە لەعێراقدا ئۆپزسیۆن نیە، دەرگای ئاوەڵابووە بۆ گفتو گۆ، ئەمە جگە لەوەی تورکەکان ئەگەر بیانەوێ هەر پەیمان و بڕیارو هەنگاوێکیش لەگەڵ عێراقدا بنەن دەبیێ سەرەتا لەکوردستانەوە دەستپێبکەن، لەبەر ئەوەی کوردستان وەك بون، وەك مێژو، وەك جوگرافیا، وەك دەسەڵات، ئەمری واقیعەو کەس ناتوانیێ بیگۆڕیێ، هەر هەڕەشەو گوڕەشەیەکیش لەو هەرێمە لەلایەن تورکیاوە بەپێی یاسای نێودەوڵەتی ڕێگری لێدەکرێت و شکاندنی سەروەری کەسانی دیکەیە، ئەمە جگە لەوەی ئەگەر بەوردی پەیام و گوتارو قسەکانی بەرپرسانی تورك بخوێنینەوە، ئەوا ئەو پەیام و گوتارو قسانە دەچنە چوارچێوەی هەترەش بردن(تیرۆر)ەوە کە ئەمەش بیانویەکی باش دەبێت بەدەست دەسەڵاتدارێتی کوردەوە، بۆ ئەوەی لە دنیای دەرەوە، لە ڕێکخراوە نێو نەتەوەیەکانی مافی مرۆڤی دەرەوە، ئاماژە بەو پێشێلکاریانە بدرێت، وەك ئەوەی کە زۆر جار تورکەکان گوندەکانی کوردستان تۆپ باران دەکەن، یان لەرێگای میدیاوە هەڕەشەی توند لەم ناوچەیە دەکەن، تەواوی ئەو گوتارو پەیامانەی کە ڕۆژانە بەرپرسانی تورك دەیدەن بەتایبەت لەم ئان و ساتەدا کە پرسی کەرکوك لەچوارچێوەی بەندی 140ی دەستوردا زۆرترین قسەی لەسەر دەکرێت دەچنە خانەی هەترەش بردنەوە!! ئێمە لەرێگەی ئەم نوسینەوە دەمانەوێ ئەوە وەبیر

**سەرکردایەتی کورد بخەینەوە کە ئەو پۆستانەی ئەمڕۆ بەدەست ئەوانەوەیە، لەڕێگای قوربانیدانی ئەو گوندنشینانەوە بووە کە هەر هەموویان ڕۆژێ لە ڕۆژان وەکو پێشمەرگە لە گۆڕەپانی ڕووبەڕووبونەوەی بەعسدا بونە، ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە قەرەبوی ئەو خەڵکانە بکرێتەوە.**

## پەراوێز

1.**دکتۆر مەجید جەعفەر**. كوردستان توركيا دراسة اقتصادية، اجتماعية سياسية تحت التخلف الاستعمارى ص292.
2)**شەمسەدین سامی لە قاموسی** الاعلام، **لاپەرە،** 3848 **پیتەکانی ک.ر.ک.**
3)عبدالمجيد فهمي حسن، دليل تاريخ المشاهير الوية العراقية، ج الثاني ص60.
4)**دکتۆر نوری تاڵەبانی**/ منطقة كركوك و محاولات تغيير واقعها القومي ، لندن 1975،ص7.
5)**دكتور** جمال رشيد احمد/ كركوك في العصور القديمة،ص79،في كتاب كركوك بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك.